دادگای فیدرالی تانی پێناسی گومرگی ڕەتدەکاتەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، دادگای باڵای فیدرالی، بڕیاری خۆی سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی ئۆو تانیەی بەاوکردەوە کە دژی دەستووریبوونی بڕیارکی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە "پێناسی گومرگی" پێشکێش کرابوو.

لە بڕیاننامەیەکی دادگاکەدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کوتووە، هاتووە: "داواکە بە ژمارە (12/ فیدرالی/ 2026) لە ڕێکەوتی 11-2-2026 تۆمارکراوە، تێیدا داوای دەرکردنی بڕیار کرابوو بە نادەستووریبوون و ناڕاستی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (957ی ساڵی 2025) تایبەت بە (پێناسی گومرگی)، جگە لە داواکاریەک بە دەرکردنی فەرمانکی دادوەری بێپێچانە بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارکە تا کاتی یەکلاییکردنەوەی داواکە."

ئاماژە بەوەشکراوە: "دادگا داواکەی یەکلایی کردووەتەوە بە دەرکردنی بڕیاری ڕەتکردنەوە، ئەویش بەهۆی نەبوونی مەرجی بەرژەوەندی (شرط المصلحة) لە داواکەدا."